

# گەڕەکەکەی ئێمەو 31ی ئاب

1/9/2010

هەورامان وریا قانع

مەبەستم لە گەڕەکەکەی ئێمە گەڕەکی دەواجنە کە) سەفین)یشی پێدەڵێن‌و لە هەولێرەو دەکەوێتە سەر ڕێگای هاوینەهەواری سەلاحەدین لە پشت وەزارەتی کاروباری پێشمەرگەو لە ناوەڕاستی حەفتاکاندا دروستکراوە. گەڕەکی دەواجن گەڕەکێکی بچوکەو ژمارەی خانووەکانی نزیکەی 320 خانوویەکەو لە ساتەوەختی دروستبوونییەوە تا هەنووکە، هیچ خانوویەکی دیکەی بۆ زیاد نەکراوە، تەنها ئەوەنەبێت خانووەکان دوای ئەوەی بوونە موڵکی دانیشتوانەکەی، هەندێکیان گۆڕاون‌و دەستکاری کراون .ژمارەی کۆڵانەکانی تەنها 15 بۆ 20 کۆڵانێکەو هەمان کۆڵانەکانی ساڵانی ناوەڕاستی حەفتایە. من کوڕی ئەو گەڕەکەم، زیاد لە بیست ساڵی تەمەنی منداڵی‌و مێردمنداڵی‌و گەنجیم، لەناو کۆڵانە کەم‌و پانەکانیدا بەسەر بردووە، کۆڵانی نییە بە تۆپەوە پێیدا نەڕۆشتبم‌و یاریم تێدانەکردبێت. کۆڵانی نییە بەشێك لە یادەوەریمی تێدانەبێت‌و پیاسەو هەڵماتێن‌و هەلوکێنم تێدانەکردبێت.

ماڵی ئێمە یەکەمین ماڵ بوو ئەو گەڕەکەی ئاوەدانکردەوە، ساڵی 1977 یەکەم خێزان کە لە خانووەکانی دەواجندا نیشتەجێبوو، خێزانی ئێمە بوو. ئێمەی کوڕان‌و کچانی مام وریا، یەکەمین منداڵبووین پێمانخستە سەرزەمینی گەڕەکی دەواجن. ئێمە کاتێ بە ماڵەوە لە گەڕەکی سێتاقانەوە هاتینە دەواجن‌و لە خانوویەکی عەمەلەکاندا نیشتەجێبووین، هێشتای بەشی هەرە زۆری خانووەکان تەنها هەر بناغەکەیان لێدرابوو، هیچ خشتێك یان بلۆکێکی لەسەر یەك دانەنرابوو. تەنانەت ئەو خانووەی ئێمە هاتینەناوی، ئاوو کارەبای نەبەسترابوو، حەوشەکەی چیمەنتۆ نەکرابوو. ئاومان لە ڕێگەی تەنکەرەوە بۆ دەهات‌و کارەبامان لە بینای دەواجنەکەوە وەرگرتبوو.

لەو مێژووەوە، واتە لە ساڵی 1977 تاکو ئێستا، ناخۆشترین‌و جەرگبڕترین کارەسات بەسەر ئەو گەڕەکەدا هاتبێت، کارەساتەکەی 31 ئاب بوو. بەئازارترین‌و تراژیدیاترین یادەوەری من لەو گەڕەکەدا، لە 31 ئابدا روویدا. ئەو گەڕەکە لە مێژووی 33 ساڵەی خۆیدا، هیچ حاڵەتێکی خوێناوی وەك ئەوەی 31 ئابی بەخۆیەوە نەبینیوەو رەنگە لە ئایندەشدا بەخۆیەوە نەبینێت .ئەوەی ئەو رۆژە لەو گەڕەکەدا روویدا، هێندەی من ئاگاداربم، لە هیچ گەڕەکێکی هەولێرو سلێمانی رووینەداوە، چ لەسەردەمی حکومەتی بەعس‌و چ دوای ئەو سەردەمە. بگرە لە هیچ گەڕەکێکی ئەم هەرێمی کوردستانەدا ئەو هەموو ژمارە زۆرەی هاوڵاتیانی بێتاوان، بە یەکجار نەبوونەتە قوربانی .مەگەر لە کارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجەدا مەرگەساتی لەو شێوەیە روویدابێت. بەڵام جیاوازی نێوان ئەو دوو مەرگەساتە ئەوەیە، ئەوەی هەڵەبجە لەسەر دەستی حکومەتی بەعس روویداو ئەوەی گەڕەکی دەواجن لەسەر دەستی پارتی یان یەکێتی روویدا. لێرەدا دەبێت ئەوە بڵێم ئەو گوولە هاوەنە یان تۆپەی کە بەر گەڕەکی دەواجن کەوت‌و ئەو قەسابخانەیەی لێیکەوتەوە، نازانرێت سەرچاوەکەی لەکوێوە بووەو چ لایەنێکی شەڕکەر تەقاندویەتی‌و بەرپرسیارەتییەکەی بە دیاریکراوی دەکەوێتە ئەستۆی کام حیزبیان، یەکێتی یان پارتی؟ بێگومان ئەوان هەردووکیان بەرپرسیاری هەرە سەرکین لە بەرپاکردنی شەڕی ناوخۆو هەموو کارەساتەکانی ئەو شەڕە لە گەردنی ئەواندایە، وەلێ بۆ کوشتنی ئەو هەمو خەڵکەی دەواجن، تا ئێستا دیارنییە ئۆباڵەکەی دەکەوێتە ئەستۆی کامیان‌و ئەو دیارییە خوێناوییە دیاری کامیانە .

دوانیوەڕۆی رۆژی 31 ئاب، کاتژمێر دەوروبەری پێنجی عەسر، دوای ئەوەی تەقەو دەنگی هاتوچۆی دەبابەو زرێپۆشەکان هێوربوونەوە، خەڵکی گەڕەکی دەواجن، ژن‌و پیاو، پیرو گەنج، منداڵ‌و مەزن هاتبوونە بەردەرگاکانیان‌و دەیانویست بزانن ئێستا شارو گەڕەکەکەیان بەدەست کام تاقمی شەڕکەرەوەیە، زەردە یان سەوز، یەکێتییە یاخود پارتی. دەیانویست بزانن ئایا راستە لەم شەڕەدا بەعس یارمەتی پارتی دیموکراتی کوردستانی داوە یاخود ئەوە پڕوپاگەندەی یەکێتییەکانە؟ راستە زیل‌و ئیڤای پڕ لە سەربازی بەعس لەناو شەقامەکانی شاردا لەگەڵ پێشمەرگەکانی پارتی بینراون‌و حەوشەی پەرلەمان پڕ بووە لە دەبابەی دوژمنە سەرسەختەکەی کورد، یان ئەوە هەمووی درۆیەو قسەو قسەلۆکی خەڵکانی نەیارو ماڵە یەکێتییەکانە؟

منیش وەك هەموو کوڕانی گەڕەك، بۆ زانینی هەواڵ‌و ئاگاداربوون لە دوا ئاکامەکانی ئەم شەڕە، لە ماڵ هاتمەدەرو دوو

کۆڵان خوار کۆڵانی خۆمان، لەگەڵ هەندێ برادەردا راوەستام، چەند چەکدارێك کە پەڕۆیەکی زەردی باریکیان کردبوو بە لولوی کلاشینکۆفەکانیانەوە، گەشتنەلامانو بەشانازیو لەخۆباییبوونەوە داوای هەویەیان لێکردین، من هەویەی مامۆستایم پێدانو هیچیان نەوت، تەنها ئەوەنەبێت :(ئەوان راوە جەلالی دەکەن.(
لەناکاو دەنگی تەقینەوەی گولە هاوەنێك یان تۆپێك بیسترا، لەگەڵ دەنگەکە لە کۆڵانی سەرەوەی ماڵی ئێمە کە تەنها چل تا پەنجا مەترێك لە ماڵی ئێمەوە دوورە، بووە رۆژی حەشرو لە چاوتروکانێکدا پازدە کەس کە زۆربەیان ئەندامی دوو خێزان بوون گیانیان لەدەستدا. هێندەی بڵێی یەكو دوو تەرمی پانزە مرۆڤی پاكو بێگەرد خەڵتانی خوێن بوون. لەناویاندا هاوڕێی ئازیزو تاسەرئێسقان هێمنو بێدەنگم (رزگار)کە خوێندکاری قۆناغی دووی کۆلێژی جیۆلۆجی، زانکۆی سەلاحەدین بوو. کوڕێك بوو لەبەر دەستکورتیو هەژاری ئەو ساڵە وازی لە خوێندنەکەی هێنابوو. جارجارە بە شەرمو حەزێکی زۆرەوە لەدەرگاکەمانی دەداو داوای کتێبێك، رۆمانێك، دیوانێکی شیعری دەکردو لەماوەیەکی کەمدا دەیخوێندەوە، پاشان بەو پەڕی رێزەوە دەیگەڕاندنەوەو کتێبێکی دیکەی دەبرد. ئەو سەرەتای خوێندنەوەو نووسینی بوو، تازە دەستیدابووە شیعر نووسین. لەو عەسرەدا ماڵی (رزگار) کە لە نۆ کەس پێکهاتبوون، حەوتیان گیانیان لەدەستداو تەنها دوو منداڵی بچوکیان رزگاریان بوو کە یەکێکیان منداڵێکی شیرەخۆرەی ناو بێشکەبوو.
من کاتێ گەشتمە سەر ئەو کوشتارگایەو ئەو هەموو تەرمەم بینی، کە هەریەکەیان بەشێوەیەکی سەیرو دڵتەزێن خوێنی لێدەچۆڕا، هەریەکەیان بەجۆرێك شێوابوونو بەوناوەدا بڵاوببوونەوە، بەردی دەهێنایە گریان، قریشکەی لە دارو دیوارەوە هەڵدەساند. هەستمکرد ئەم دوو حیزبە چەند بەسوكو چەند بێباکانە لە هاوڵاتیانی ئەم هەرێمە دەڕوانن. هەستمکرد ئەوان، لەو کاتوساتەداو لە میانەی ئەو شەڕەدا، بۆ ئەوەی چنگێ پارەی زۆرترو بستێ خاکی زیاتریان لەبەردەستدابێت، ئامادەن نیوەی کورد وێڵو سەرگەردان بکەنو سڵ لە ئەنجامدانی هیچ جۆرە تاوانێك ناکەنەوە. ئامادەن نەك هاوەنێك بەڵکو سەدان هاوەن بنێن بەناو گەڕەکەکانەوەو کێش دەکوژرێت، ئەوە بەختی خۆیەتیو خودا هەر ئەوەندەی لە چارەدا نووسیوە.
ئامادەن لەسەر داگیرکردنی کۆڵانێك، شەقامێك، باڵەخانەیەکی زیاتر، ئەوەی با بە دەواری شڕی دەکات ئەمانیش بە خۆیانو بە هاوڵاتیانی کوردستانی بکەن.
لەناو ئەو مەرگەساتەدا تەرم هەبوو هەڵم لە خوێنەکەیەوە بەرزدەبووەوە، هەبوو مێشکی هاتبووە دەرەوەو تێکەڵ بە خۆڵو وردە بەردی کۆڵان ببوو، هەبوو بێ ویستی خۆی پەنجەیەکی دەستی دەجوڵا. هەبوو چاوانی کرابووەوەو وەك ئەوەی بیەوێ بۆ دواجار لەئاسمان بڕوانێ. تەرم هەبوو لە چەندین بەشی لاشەیەوە خوێن جۆگەلەی بەستبوو، خوێنی ئەم تەرم تێکەڵ بە خوێنی ئەو تەرم دەبوو .تەرم هەبوو بە ئاستەم دەنگی لێوەدەهات، بەڵام نە منو نە هاوڕێکانی دیکەمو تەنانەت نە پەروەردگاریش نەماندەزانی دەڵێ چیو چی دەوێت. ئەو دەنگە دواهەمین نوزەیەك بوو لەسینەیەوە دەهاتەدەرێو لەگەڵیدا وردە وردە گیانی دەردەچوو. تەرم هەبوو نامرادانەو بێئاگا لەوەی چیتر توانای هەستانەوەی نییە، چەند جووڵەیەکی بە قاچەکانی دەکرد، وەلێ پاش کەمەکێك دەبووە لاشەیەکی ساردوسڕ.
لەو کاتەدا من هیچم پێنەکرا هێندە نەبێت بە هەڵەداوانو لە ژوورەوەی یەکێك لەماڵەکان، پەیتا پەیتا بەتانیو لێفەم دەهێناو تەرمەکانم دادەپۆشی. دیمەنی تەرمەکان ئەوەندە جەرگبڕو بەسوێ بوون، ئەوەندە شەلاڵی خوێن ببوون، نەدەکرا تەماشایان بکەیتو نەفرەت لە هەموو دونیا نەکەیت. لەگەڵ داپۆشینی تەرمەکان ئەو منداڵانەم دووردەخستەوە کە هاتبوون بۆ تەماشاکردنو پڕ بە قوڕگیان دەگریانو لەخۆیان دەدا. ئەو ژنانەم هێور دەکردەوە خۆیان دابوو بەسەر مردووەکانداو قژیان دەڕنیو سنگیان دەکوتاو ناڵەیان دەگەشتە لووتکەی شاخەکانو لەوێوە بەنێو تەواوی کوچەو کۆڵانەکانی شاردا بڵاودەبووەوە. ناڵەو گریانو هاواری ئەو ژنانە هێندە بەکوڵو پڕ حەسرەت بوو، بۆ ساتێك باڵندەکانی لە فڕین خست، ئاسمانی رەشداگەڕاند .
ئیدی لەو عەسرە خوێناویەداو بە تاقە دارەمەیتێك، لەگەڵ کوڕانی گەڕەك، تا ئێوارەیەکی درەنگ تەرمی ئەو بێگوناهانەمان گواستەوە بۆ مزگەوتەکەی دەواجنو لە حەوشەکەیدا لەپاڵ یەکدا دامانانن، تەرمێك کە هەڵتدەگرت کوت کوت گۆشتی لێدەبوەوە، خوێن لە لاشەیانەوە فیچقەی دەکردو لە دارەمەیتەکەوە دەهاتە دەرەوەو دەکەوتە سەر شانو ملو دەستی ئێمە.
هەر بەهۆی پارچەی ئەو گولە هاوەن یان تۆپەوە، رێك لەبەردەم ماڵەکەی خۆماندا دایکی ئازیزم کە لەگەڵ ژنانی گەڕەك دانیشتبوو، پارچەیەك بەر قۆڵی دەکەوێتو بریندار دەبێت. ئەو ژنەی دراوسێشمان (بوشرا)کە بەپێوەو لەبەردەم دایکمدا راوەستابوو، پارچەیەکی بەرکەوتو توانی تەنها مەترێك یان دوو مەتر بڕوات، ئیدی کەوتو چیتر هەڵنەستایەوەو گیانی دەرچوو.
ئەوە یەکەم دیاری 31 ئاب بوو بۆ گەڕەکی دەواجن، یەکەم هەواڵی شەڕەکە بوو خەڵکی دەواجن بە چاوی خۆیان بینییانو بە گوێی خۆیان بیستیان. هەواڵێك دوور لە درۆو بوختانو هەڵبەستن .هەواڵێك خۆی باسی لە خۆی دەکردو هیچ کەسێك نەهاتبوو بەدرۆوە لە دژی لایەنێکی شەڕکەر بیگێڕێتەوە. هەواڵێك سەرچاوەکەی کەناڵەکانی تەلەفزیۆنو سەتەلایتو رۆژنامەکان نەبوو، بەڵکو کۆڵانێك بوو لە خوێندا سورهەڵگەڕابوو. ئەو شەوەو چەندین شەوی دوای ئەوەش، تەواوی

خەڵكی دەواجن كۆستیان كەوت، ماتەمینیو حەسرەتو گریان میوانی هەموو ماڵێك بوو .هەر یەكێك لە دانیشتوانی دەواجن، لەو مەرگەساتەدا، هاوڕێیەك، ناسیاوێك، برادەرێكی قوتابخانەی، لەدەستدابوو. هەر كەسەی باسی ئازیزێكی خۆی دەكرد كە چۆن بە ختوخۆڕایی، بووە قوربانی دەستی ئەو دوو حیزبە كوردییە.

hawramanw@gmail.com